# فارابی

## ٨٧٢ - ٩٥٠ز

پ. د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- پەیدابوونی فەلسەفەی ئیسلامی، ڕاستییەکە پەرەسەندنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگای ئیسلامی (دەرەبەگی) لە قۆناغێکی دیاریکراوی ئەو گەشەکردنەدا (کۆتایی قۆناغی بەنی ئومەییە و سەردەمی بەنی عەبباس) دەردەبڕێ و بەرجەستەی دەکات: لە زەمینەیەکی ئایینی لاهووتیدا بزووتنەوەی زانستی کەلام چەکەرەی کردووە و شین بووە، بەڵام ئەو زانستە لە چوارچێوەی هزری لاهووتی - ئایینی گیری خواردبوو، جگە لەوەی لەگەڵ پەرەسەندنی پێشهاتەکانی کۆمەڵگای نوێدا نەدەهاتەوە، ئەمە دەستەبەری ئەو هەلومەرجە بوو کە لایەک لە کێشە و بەرە نوێیە مرۆڤایەتییەکان و کێشە نوێیە هزرییەکان لە چوارچێوەی گۆڕانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکرێتەوە.

ئەو دەرفەتە نوێیە ڕەخساوە کە دەبوو لە کایەی هزر و ژیردا قۆناغێکی دیکە بێتە ئاراوە، قۆناغی سەرهەڵدانی بەشێکی گرینگی سەرخانی کۆمەڵگا و هۆشیاری کۆمەڵایەتی: فەلسەفە.

- لاری لەوە نییە کە زانستی کەلام لە خۆیدا گۆڕانێکی چۆنێتی گرینگ بووە لە کولتووری ئەو سەردەمەدا، بەڵام ئەو زانستە لە ناوەرۆکە بنەڕەتییەکەیدا هزر و کۆششێکی لاهووتیی ئایینی بەند بوو- بەبێ قەید و مەرج - بە یەکڕەنگیی هەقیقەتی ئایینی کە کۆمەڵگا

هیچ پلەوپایەیەکی تێدا بەدی نەکراوە، ئەو گۆڕانەش کە بەسەر ژیاندا هاتووە، بزووتنەوەی سەرتاپاگیری وەرگێڕان ڕەهەندێکیەتی، پێویستی ناچاریی بەوە هەبووە کە سنووری ئەو زانستە و ناوەڕۆک و ڕەهەندەکانی تێبپەڕێنرێ و لە دوو لاوە هەنگاو هەڵبگیرێ، لەوەشدا پشت بە بەها شارستانییەکانی پەرەسەندنی زانستی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بەستراوە کە ئەنجامی پەرەسەندن و گەشەکردن و پێداویستییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای عەبباسی- ئیسلامی بوون.

**یەک:** پەنابردن بۆ پێوەری لۆجیکی لە بیرکردنەوە و شرۆڤەکردنی تێکستە ئایینییەکان و بڕیاری شەرعی، ئەمەش لەخۆیدا گۆڕانێکی چۆنیەتی سەرنجڕاکێشە و بۆ یەکەم جار توانایی ژیری مرۆڤ دووپات دەکرێتەوە، لە بەرانبەر ئایدیۆلۆجی کاربەدەست و سەلەفی و کۆنەپارێزان کە تەنیا دەرفەتی یەک تاکە ڕێگایان داوە بۆ گەیشتنە زانین و هەقیقەت و یەک تاکە سەرچاوەیان پەسند کردووە کە لە سەرووی هێز و توانایی ژیری مرۆڤەوە بووە (١).

جگە لەوەی لۆجیک کرا بە ئامرازێک بۆ شرۆڤە کردن و لێکدانەوەی دەقە پیرۆزە ئایینییەکان- بە (حەدیس)یشەوە، زمانێکی نوێ خەتوخاڵی داوە کە بووەتە مایەی ئەوەی پرۆسەی بیرکردنەوە لە هەستەکییەوە بەرەو پەتی و لە سادە و ساکارەوە بەرەو باڵاتر و پێشتر بچێ، کە دەکرێ بگوترێ، بە جۆرێک لە سڵ و پارێزەوە، توانایی زانینی بیرمەندانی بەرەو پرۆسەی پەتی کردنی ژیرەکی بردووە.

**دوو:** پێ لەسەر بوونی هەقیقەتی دنیایی دابگرێ بەبێ ئەوەی پەنابەرێتە بەر سەرچاوە سەروو سروشتییەکانی باوەڕ و زانین.



**فارابی**

لەو کەشوهەوایەدا، کۆرپەیەکی هیوا بەخش هاتووەتە دنیاوە: فەلسەفە ئەمەیە مەبەست لەوەی کە دەگوترێ: سەرهەڵدانی فەلسەفە لە کۆمەڵگای چەق بەستوو و کۆنەپارێزی ئیسلامی، ماڵئاوایی کردن بووە لە قۆناغی پابەندبوون بە هێزی لاهووتی- ئایینی بەرەو قۆناغی سەربەخۆیی بیر و سەرەتای توێژینەوەی ئازاد. توێژینەوەیەک بەڵگەی دەق و بیستن (النص والسمع) پشتگوێ بخات و پەنا بۆ ژیری مرۆڤی توێژەر بەرێ!

٢ - لەو هەلومەرجە ڕەخساوەدا، فارابی سوارچاکێکی دەستپێشخەری دەگمەنی ئەو وەرچەرخانە چارەنووسییە بووە.

بەپێی سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی، لە شاری فارابی تورکستان لە دایک بووە کە هاتووە بۆ بەغدا، عەرەبی باش نەزانیوە گوایە لەگەڵ زانایەکی ئایینی بە ناوی (ئیبن ئەل سەڕاج) ڕێک کەوتووە کە ڕێزمان و زمانی عەرەبی فێر بکات و (فارابی)ش لۆجیکی پێ

بڵـێ (٢). لۆجیکـی لەلایـەن چەنـد مامۆسـتایەک خوێنـدووە هەموویـان سـریانی مەسـیحی بـوون، گوایـە لـە شـاری (مـەرۆ)ی ئێـران فەلسـەفەی خوێنـدووە، بـەڵام فەلسـەفەی ئیلاهیـات کـە لـەو قوتابخانەیـە بـاو بـووە، بـە پێچەوانـەی هـەردوو قوتابخانـەی بەسـرە و حـەڕان بـووە کـە تێیانـدا فەلسـەفەی سروشـتی کەرەسـتەی (٣) سـەرەکی خوێنـدن بـووە.

لـە ژیانـی ڕۆژانەیـدا سـادە و سـاکار بـووە، لـە شـت و پلەوپایـە بـێ نـاز بـووە، گوایـە بـە جلوبەرگەکەشـی لـە سـۆفی چـووە، لەنێـوان بەغـدا و حەلەبـی شـام (سـووریا) بەرهەمەکانـی نووسـیوە و بـە شـێوازی ئەوسـا بڵاوبوونەتـەوە، وەک لـە نووسـینەکانیدا دەردەکـەوێ شـارەزایی لـە لۆجیکـی مامۆسـتای یەکەمـدا هەبـووە و هەندێـک بـەش و پشـکی لـێ شـرۆڤە کـردووە، خـۆی لـە چەنـد بۆنەیەکـدا گوتوویەتـی گوایـە چـل جـار کتێبـی (تەبیعیـات)ی ئەرسـتۆی خوێندووەتـەوە، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا بەپێزترین کتێبـی خـۆی لەسـەر بنچینەیەکـی هەڵـە ڕەنـگ ڕشـتووە و دانـاوە: لـە کتێبـی (الجمـع بیـن رأيـي الحکیمیـن) دا هەوڵـی داوە ئەفڵاتـوون و ئەرسـتۆ پێکـەوە کۆبکاتـەوە و جیـاوازی و ناتەبایـی نێوانیـان کاڵ بکاتـەوە، لـەو ئەرکەیـدا کـە بایەخێکـی فەلسـەفەی هەیە پشـتی بە کتێبـی (ئەنتۆلۆجیا ئەرسـتاتالیس) بەسـتووە و لەگـەڵ بەرهەمەکانـی ئەفڵاتوونـدا بـەراوردی کـردووە و گەیشـتووەتە ئەنجام کـە گوایـە هـەردوو فەیلەسـووف پێکـەوە دێنـەوە، بـەڵام وەک لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـت سـاغ کرایـەوە، فارابـی بـە هەڵـە لـەو کتێبـەدا، بـە تایبەتـی ناوونیشـانەکەی، تێگەیشـتووە. ئەنتۆلۆجیـا کتێبـی ئەرسـتۆ نییـە و لـە کاتـی وەرگێڕانیـدا، وەرگێڕەکـە بـە هەڵـە ناوی ئەرسـتۆی لەسـەر نووسـیوە. ئـەو بەرهەمـە تـەوەری چـوار و پێنـج و شەشـی کتێبـی نۆنۆییەکانـی ئەفلۆتینـە، کەوابـوو فارابـی ئەرسـتۆ و ئەفڵاتوونـی بـەراورد نەکـردووە و پێکـی نەهێنـاون، بەڵکـوو بـە هەڵـە ئەفڵاتـوون و ئەفلۆتینـی پێکـەوە بـەراورد کـردووە کـە هەردووکیـان بـە یـەک ئاراسـتەدا چالاک بوون.

فارابـی لەسـەر بابەتـی هەمەجۆر شـتی نووسـیوە و بڵاوکردووەتـەوە گوایـە خـۆی موزیکژەنێکـی شـارەزا و لێهاتـوو بـووە، دەڵێـن ئـەو ئەمـرازی موزیکـی قانوونـی دروسـت کـردووە.

ئەگەرچـی فارابـی لۆجیکـی لـەلای هـەردوو بـە ئاییـن سـریانی مەسـیحی موبەشـر مەتـا بـن یوونـس و یوحەنـا بـن حیـلان خوێنـدووە و لـەلای ئیبـن سـەڕاج فێـری ڕێزمـان و زمانـی عەرەبـی بـووە، بـەڵام لـەو دوو بابەتـەدا لـە هەرسـێکیان بەهرەمەندتـر و بـە بڕشـتتر بـووە، لـە شـاری دیمەشـق کۆچـی دوایـی کـردووە.

## فەلسەفەی فارابی

١- ئەگەرچـی توێـژەرە ڕۆژئاواییـەکان فارابـی بـەوە پێناسـە دەکـەن کـە لـە سـەرچاوەکانەوە شـتی کۆکردووەتـەوە و بەهرەمەندانـە پێکـەوە گونجاندوونـی، بـەڵام ئـەم بڕیـارە جـۆرە بـێ دادییەکـی تێدا بـەدی دەکرێ، ڕاستە فەلسـەفەی وەرگێـڕدراوی هـاوردەی یۆنـان ڕۆڵـی لـە ڕشـتنی ڕەنگـی فەلسـەفەی ئیسـلامدا هەبـووە، بـەڵام لەلایەکـەوە ئایینـی ئیسـلام بـە تایبەتـی (قورئـان و سـوننە)، ئەوجار ئـەو پەرەسـەندنەی کۆمەڵگاکە کردوویەتـی لەگەڵ ئـەو هەلومەرجـەی ئەوسـا ڕەخسـاوە، نەدەکـراو نەکراوە لـە فارابـی و فەیلەسـووفەکانی هاوشـانی و جۆریکـی دیکـەی فەلسـەفە بەرهـەم بهێنـرێ و جیهاندیدێکـی دیکـە ڕەنگرێـژ بکـرێ، ڕاسـتە فارابـی لـە ئیلاهیـات و

میتافیزیکەکەیدا بە تەواوەتی پشتی بە تیۆری لەسەرەوە ڕژانی (فیض)ی فیلونی جوو و ئەفلۆتینی بێ ئایین بەستووە، بەڵام ئەو تیۆرییە کۆششێکی سەرکەوتوو و زیرەکانەی سەردەمی خۆی بووە بۆ ساغکردنەوەی یەک ڕەنگیی ڕەب کە بنەمای بنەڕەتی عەقیدە و ئیمانی هەردوو ئایینی جوولەکە (موسایی) و ئیسلامە. لەبەر ئەوە دەکرێ پێوەرەکەی پراگماتیزم بەسەر فارابی و فەلسەفەی ئیسلامدا جێبەجێ و ڕایی بکرێ:

**ئامانج ئامراز ڕەوا دەکات.**

ئەگەر ئەو فەیلەسووفە پشتی بە تێکستی فەیلەسووفی تر بەستبێ، ئەوە بێ سڵ و پارێز، بەهرەمەندانە و داهێنەرانە دەقەکەی بەکارهێناوە و لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا بەو شێوازەی بەکاری هێناوە جێ دەستی خۆی بە ئاشکرا پێوە دیارە! تیۆری لەسەرەوە ڕژانی ئەفلۆتین کە فارابی لێوەی خواستوویەتییەوە، نموونەیەکە ڕاستیی ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە.

جیهاندیدی فەلسەفەی فارابی هەمەڕەنگ و هەمەجۆرە، خامە ڕەنگینەکەی لە کایەی جۆراوجۆر و جیاوازدا کارا بووە. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، ئیلاهیات و تەبیعیات، بەڵگەی ساغکردنەوەی بوونی ڕەب، تیۆری لەسەرەوە ڕژان، کۆن و نوێی جیهان، خواستی ئازاد، فەلسەفەی سیاسی و ئاکار و پرۆسەی زانین، ئایا زانینی ڕەب هەر بابەتە هەمەکییەکان دەگرێتەوە، یان دەگاتە هەندەکییەکانیش؟

## تیۆری لەسەرەوە ڕژان

١ - کێشەیەک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی زانایانی کەلام و فەلسەفە بووەتەوە، بابەتی داهێنان (خەڵق) و کۆن و نوێی جیهان و توانایی زانینی ڕەب و حەشر لەسەر لەشە، یان گیان و بابەتی دیکە.

لە سفر (ئایەتی) یەکەم تەورات (پەیدا بوون)دا هاتووە:

(لە سەرەتادا ڕەب ئاسمان و زەوی داهێنا: پەیدابوون:) ئەم دەقە ئەو پرپیشکە بووە کە ئاگری لە پاوانەکە بەردا... چەند چەمکێک هاتوون ڕوون نین و پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە.

مەبەست لە (سەرەتا) چییە؟ ئەی داهێنان چی دەگەیەنێ؟ ئەو فرمانەی بۆ داهێنانەکە دراوە چ ڕەوشێک پشت ڕاست دەکاتەوە، ئایا ئەوە جۆرە گۆڕانێک لە خواستی ڕەبدا ناگەیەنێ؟ ئەو ئاسمان و زەوییە لەچییەوە داهێنراون؟ ئایا ڕەب تەنیا هەر خۆی هەرە کۆنە (ئەزەلییە)، یان بابەتێکی تر هەبووە و دەکرێ خەسڵەتی کۆنیی پێ ببەخشرێ؟ ئایا ڕەب خۆی بە تەنیا بووە؟ ئەمە یەکڕەنگیی خۆی دەگەیەنێ؟ بۆ لە شەش ڕۆژدا داهێنانەکە تەواو بووە وەک لە هەمان (سفردا) دواتر گوتراوە؟ بۆچی پێشتر، یان دواتر ڕەب ئەو داهێنانەی نەکردووە؟ ئایا ئەو سەرەتایە جۆرە تۆبزی و ناچارییەک دووپات ناکاتەوە؟

تیۆری لە سەرەوە ڕژانی ئەفلۆتین لەو سەردەمەدا بە چاکترین شێواز توانیویەتی بە جۆرێک ئەو وەڵامانە دەستەبەر ببێ کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمی فارابی و بنە و ڕێسا بنەڕەتییەکانی ئایین و عەقیدە و ئیماندا بێتەوە.

٢ - هەندێک سەرچاوە لەو باوەڕەدان کە فیلۆنی جوولەکەی مامۆستای ئەفلۆتین ڕەنگی ئەو تیۆرییەی ڕشتووە بە نیازی ساغ کردنەوەی.

- یەکڕەنگیی بوونی ڕەبی مووسا کە تەنیا هەر خۆی بووە ئەوجا دنیا و بوونەوەرانی

داهێنــاوە، چــۆن هەمەڕەنگــی لــە یەکڕەنگیــی پەیدابــووە؟

- پاســاودانی پرۆســەی داهێنــان (خەڵــق) کــە کێشــەی کەرەســتە و کــۆن و نوێــی لەگەڵدایــە.

- دوورخســتنەوەی گــۆڕان لــە سروشــتی ڕەب بەهــۆی ئــەو داهێنانــەوە. لــە تیــۆری لــە ســەرەوە ڕژانــدا هەرســێک چەمکی یەکڕەنگیی یەکتــا، ژیر و دەروون ڕۆڵــی ســەرەکییان پــێ ســپێردراوە. لــەلای فارابی فراوانتــر کراوە کــە دواتــر باســی دەکەیــن، کەواتــە پوختــەی ئــەو تیۆرییــە چییــە و چــۆن لــەلای فەیلەسووفە موسڵمانەکان بەدەستکاری و پەسند کردنــەوە بەکاربــراوە؟

- لــە تیۆری لــە ســەرەوە ڕژاندا (بابەتــی تــەوەری چواری تۆتۆییــەکان) (٤) ئەفلۆتیــن لەخۆی دەپرســێ:

چــۆن لــە یەکــەی یەکڕەنگییــەوە فــرە و هەمەڕەنگــی پەیــدا دەبــێ؟ چــۆن ئــەو کاتــە ئــەو یەکەیــە وەک خــۆی دەمێنێتــەوە؟

یەکــەی یــەک ڕەنــگ ئەوپــەڕی تــەواو کامڵــە لــە هەمــوو لایەکــەوە، نابــزوێ، چونکــە بزووتنــەوە گــۆڕان دەگەیەنــێ، لــەو تەواوەتییــەی وەک ڕۆژ (خــۆر) تیشــک دەپــڕژێ، لــە تەواوەتــی یەکــەوە بەبێ خواست و ئــارەزوو ژیر پەیدا دەبێ، چونکە ئەمانــە مەیلــن و لــە بــێ بەشــییەوە دەکەونــەوە، ئــەو ژیــرە خەســڵەتی هەمەکــی هەیــە بــە پلــەو پایــە و پێکهاتەکــەی لــە یەکــەوە کەمترە، بــەڵام تەواوتــرە لــەوەوە کــە لــە دواوەی دێ. لــە ژیــری هەمەکییــەوە دەروونــی هەمەکــی پەیــدا دەبــێ و لەویشــەوە دەروونــی هەندەکــی تاکــەکان، ئەوجــا وێنــە و مــاددە دەکەونــەوە.

فارابی ئــەو تیۆرییــەی پەســند کــردووە و بوونــی کــردووە بــە دوو بەشــەوە، بــە دوو جیهانــەوە:

- جیهانــی ســەروو فەلەکــی مانــگ (ئاســمان). جیهانــی گیــان و ژیــر.

- جیهانی ژێر فەلەکی مانگ (جیهانــی مــاددە و هەیــولا).

ئەوجــا قســە لــەوە دەکات چــۆن لــە یەکــەم بوونــەوەری یــەک تــا بــە ڕێکوپێکــی، بــەڵام بــە لەســەرەوە ڕژان (فیض) بوونــەوەرەکان و جیهانــی هەیولا و ماددەی ژێر فەلەکی مانگ پەیدا بوون. لــە هەندێــک ســەرچاوەدا ئــەو تیۆرییــەی فارابــی بــە تیــۆری دە ژیرەکە ناوهێنــراوە (٥) لێــرەوە ڕەب لەســەروو هەموویانەوەیــە و خــۆی یەکــەم ژیــرە! ئــەو خــۆی توانایــی ناســینی خــۆی و پــەی بــردن بەخــۆی هەیــە لــەوەوە ژیــری دووەم دەکەوێتــەوە و پەیــدا دەبــێ، ئەمــە نەگۆڕانــە و نــە پێوەنــدی بــە خواســت و ئــارەزووەوە هەیــە، بەڵکــوو لــە ئەنجامــی کامڵــی و پــڕی و تەواوەتییەکــەوە وەک تیشــکی خــۆر، یــان وەک دەفــری پــڕ لەســەریەوە دەڕژێ و ســەر دەکات. لــە پــەی پــێ بردنــی دووەمــەوە فەلــەک و ئاســمان پەیــدا دەبــن، بــە هەمــان پرۆســەی ســەروو لــە ژیــری دووەمــەوە ژیــری ســێیەم پەیــدا دەبــێ لەویشــەوە فەلەکــی ئەســتێرەکان دەکەونــەوە. بــەو شــێوەیە ژیــری چــوارەم تــا دەیــەم پەیدا دەبــن، لێرەوە ژمــارەی ژیــرە گەردوونییــەکان تــەواو دەبــێ مانگیــش دوا فەلەکــی ئاســمانە، ئەمانــە بزووتنەوەکەیــان بازنەییــە و هەتــا هەتایــە ژیــرە گەردوونییــەکان ئاراســتە دەکــەن. (٦)

لەژێــر فەلەکــە ئاســمانییەکاندا، جیهانــی ژێــر فەلەکــی مانــگ دێــت کــە جیهانــی مــاددە و وێنەیە! لێرەدا هــەر چوار کەرەستەکە: ئــاو، هــەوا، ئاگر، گڵ، بوونیــان هەیــە لــەو دەڤــەرەدا ئــەوی کامڵــە شــتی کەمتــر کامڵ و ئــەوی ساکارە لێکدراوی لــێ دەکەوێتــەوە.

- مــرۆڤ کــە لــە خۆیدا وێنەیەکی بچووککراوەی گەردوونــە لــە چــوار هێــز و توانایــی پێکهاتــووە:

- هێزی خۆراک خواردن.
- هێزی هەست و هەستەکی.
- هێزی ئەندێشە.
- هێزی ژیر و ژیرەکی.

لەو چوار هێزە لە مرۆڤدا دوو بەرە پێکدێن:

- بەرەیەک بڕیار دەدات و فرمان دەردەکات.
- بەرەیەک ملکەچە گوێڕایەڵە و فرمانەکان جێبەجێ دەکات.

بەرەی یەکەم هێزی ژیرەکی کۆنترۆڵی کردووە و بەڕێوەی دەبات. ئەو ژیرانە ژمارەیان زۆرە، بەڵام گرینگترینیان ئەمانەن:

**یەک:** ژیری هێزەکی.

**دوو:** ژیری کردەکی.

**سێ:** ژیری سوودمەند.

**چوار:** ژیری کاریگەر(٧).

بەلای (فارابی)یەوە مرۆڤ لە دەروون و لەش پێکهاتووە، لەش ماددەیە و دەروون گەوهەرێکی گیانییە و لە لەش جیاوازە و بە لەناوچوونی لەش لەناو ناچێ، جیاوازییەک لەوەدا دەردەکەوێ کە بە پیربوون گشت ئەندامانی لەش لاواز دەبن، کەچی دەروونی مرۆڤ کە گەوهەرێکی گیانییە - ژیر- ئەزموون و شارەزایی پتر دەبێ و بەهێز و بەتین و بەگوڕتر دەبێ. ئەگەر وا نەبووایە، دەبوو دەروونیش بە پیر بوون لاواز و بێ هێز بووبایە، کەوابوو دەروون فۆرم (وێنەی) لەشە، بەڵام خۆی نەمرە و بە لەناوچوونی لەش لەناو ناچێ.

## بوونی ڕەب

١- بابەتی بوونی ڕەب لەلای فەیلەسووفە موسڵمانەکان بەگشتی و لەلای فارابی بە تایبەتی شتێکە جێگای گومان کردن نەبووە، بەڵام جۆری بوونەکە، خەسڵەتەکانی و چۆنێتی داهێنانی دنیاو پەیوەندی بە مرۆڤەوە و ڕەوشی زانینەکە بەپێی جیهاندید و جۆری بیرکردنەوەیان لە چوارچێوەی ڕێبازی فەلسەفەکەیان بە تایبەتی لە وردەکارییەکاندا هەست بە جۆرە جیاوازییەک دەکرێ: بۆ ئەو مەبەستە لە چوارچێوەی ئەو فەلسەفە جیاوازانەدا، زمان و چەمک و شێوازی تایبەتی داهێنراوە:

زمانەکە ئەگەر جۆرە داهێنانێکی پشت ئەستوور بە لۆجیکی ئەرستۆی تێدا بینرابێ، بەڵام لە کایەی زمانی عەرەبیدا کە زمانی قورئان و ئەوسای نووسەر و بیرمەند و زانایانی ئایینی گشت نەتەوەکانی ئیسلام بووە و لە ڕەوشی ئایینەکەدا قەتیس ماوە و سنوورەکەی نەبەزاندووە: ئەو چەمکانەی سەرنج ڕادەکێشن و لەو کایەیەدا پشتیان پێ بەستراوە و بەکارهاتوون گرنگترینیان ئەمانە بوون:

- بوون.
- ناچاریی بوون (واجب الوجود)(٨).
- شیاوەکی بوون (ممکن الوجود)، یان (بوون بە هێزەکی).
- ناچاریی بوون بە خۆیی (بذاته).
- ناچاریی بوون بە هی تر (بغیره).

بەکارهێنانی ئەم چەمکانە کە بۆ مەبەستی دیاریکراو داهێنراون، ئەگەرچی شارەزاییەکی چالاکی لە زمان و لۆجیک و بیرکردنەوە پشت ڕاست دەکەنەوە، بایەخێکی ئەوتۆی زانستییان نییە، چونکە بە جۆرێک ڕۆنراون کە هەر لە سەرەتاوە بەپێی پێناسەکانیان ئەنجامێکیان لێ بکەوێتەوە کە هەر لەگەڵ ڕۆنانەکەیان، ڕەنگیان بۆ ڕێژراوە.

- بێگومان ئەو گریمانەیە: ئەگەر بوونەوەرێک بوونەکەی ناچاری بێت و پشتی بە هیچ بوونێکی تر نەبەستبێت، بێگومان ئەو ئەنجامەی

لێ دەکەوێتەوە کە بوونی هەبێ، بەڵام ئەو بوونە لە سەرەتاوە لە پێشەکییە گریمانە کراوەکەدا بوونی هەبووە، بەڵام چ بوونێک؟ بوونی ڕاستەقینە، یان بوونی گریمانەکراو؟ ئایا بوون، پشت ئەستوور بە ژیر و لۆجیک خەسڵەتە، یان گەوهەرە؟ دەکرێ بە بڕیارێکی نێو دەستەواژە ببەخشرێ و بستێنرێتەوە؟ یان ئەوەتا لەو ڕەوش و کایەیەدا بوونەکە تەنیا هەر لە ڕستە و دەستەواژەی ئارێ- نارێ ئا دەکرێ، یان نا دەکرێ: بوون- نابوون؟

٢- بەڵگەی یەکەم کە فارابی بۆ ساغکردنەوەی بوونی ڕەب بەکاری هێناوە، دەکرێ بەو جۆرە- بە زمانی کوردی- بخرێتە ڕوو:

لەو بەڵگەیەدا هەردوو چەمکی (ناچاریی بوون بە خۆ و چەمکی شیاوەکی بوون) بەکارهاتوون و پشت ئەستوور بە بەڵگەکەی ئەرستۆ کە ناکرێ زنجیرەکە تا کۆتایی بەردەوام بێت و دەبێت بە بوونی یەکەمین بنەما کۆتایی بێت، تاووتو کراوە؛ لێرەدا هەردوو چەمکی بوونەوەری یەکەم- یەکەی ڕەها وەک مەبەستی ڕەنگ بۆ ڕێژراو بەکارهاتوون:

- لەو بەڵگەیەی (فارابی)دا هەردوو لایەنی لۆجیکی و زانستی کەلام پشتیان پێ بەستراوە، لەلایەنی یەکەمدا پەنا بۆ تیۆری ناچارەکی و شیاوەکی براوە و لەلایەنی کەلامدا خەسڵەت و گەوهەری ڕەب و پێوەندی بە داهێنراوەکانی شی کراوەتەوە: لە جیهاندیدی (فارابی)دا هەردوو چەمکی ناچاریی بوون و شیاوەکی لەو بیرۆکانەن کە زگماکن و لە مێشکدا ڕوون و ڕەوانن و دەکرێ ژیر بەبێ پشتگیری و یارمەتی واتا و لایەنی تر پەییان پێ بەرێ و بیانزانێ:

- بوون لە خۆیدا، یان ئەوەتا ناچارییە (واجب)، ئەمەش خەسڵەتی بوونەوەرێکە بوونەکەی لە خودی خۆیەوەیەتی، ئەگەر نابوونەکەی (یان عەدەمەکەی) گریمانە بکرێ لە کردن نایەت و (ناکۆک دەکەوێتە ئاراوە)، بۆیە دەبێ بە ناچاری ئەو بوونەوەرە هەبوون بێت.

- یان ئەوەتا بوونەکە شیاوەکییە، ئەوکاتە ئەو بوونەوەرە بوونەکەی بەهۆی هی دیکەوە دەبێت و ئەگەر نا، بوونەکەی گریمانە بکرێ هیچ مەحاڵێک ناکەوێتەوە! ئەو بوونە شیاوەکییە بوون و نابوونەکەی بەرانبەر و یەک یەکن (٩). ئەو بوونە شیاوەکییە کە بوونەکەی لەخۆیەوە نییە و لە هی ترەوەیە ئەگەر ببرێتەوە سەر بوونێکی تری شیاوەکی ناکرێ زنجیرە هەتاسەر و بێ کۆتایی بەردەوام بێ، دەبێ بە بوونەوەرێک کۆتایی بێت کە هۆکاری بوونەکەیەتی و خۆی لەخۆیدا بوونەکەی ناچارییە (واجب الوجود)ـە ئەمە ڕەببە! کەوابوو بوونی ڕەب ناچارییە، ئەمەیە بەڵگەی بوونی ڕەب. ئەو بوونەوەرە ناچارییە بنەمای یەکەم و یەکەم هۆکارە و هۆکاری بوونی هەموو بوون و بوونەوەرە شیاوەکییەکانە.

٣- بەڵگەی دووەم: فارابی سەرنجی سروشتی دەوروبەر و مرۆڤ و زیندەوەرانی داوە، ئەمەی کردووە بە بەڵگەی بوونی داهێنەر کە ڕەببە. بوونی داهێنەر لە شوێنەوارەکەوە دەکەوێتەوە کە داهێنراوەکانن (١٠) ئەو بەڵگەیەش پێشتر لەلای فەیلەسووفانی یۆنان بەدی کراوە، ئەگەر جیهان تابلۆیەکی هونەرمەندی جوان و ڕێکوپێک بێت، بەدوا یەکتری داهاتنی شەو و ڕۆژ، پاییز، زستان، بەهار، هاوین، ئەو نەزم و ڕێکوپێکەی لە سروشتدایە و بوونی مرۆڤیش دەبێ ئەندازیارێک هەبێ ئەمە هەمووی داهێنابێ ئەو ئەندازیارە ڕەببە. (١١)

## پرۆسەی زانین

٦- ئەگەرچی تیۆری زانین: چۆن ئەو شتانەمان زانیوە کە دەیانزانین، سەرچاوەی زانین چییە و کامەیە؟ سروشتی زانین چۆنە، جێگای دڵنیاییە، یان دەکرێ گومانی لێ بکرێ؟ بابەتێکی فەلسەفەی ئەوروپاییە و جۆن لۆک. فارابی وەک گشت فەیلەسووفە موسڵمانەکان (غەزالی) لێ بەدەربێ دووچاری دەستی کێشەی ڕاستی (هەقیقەت) و سەرچاوەی زانین بووە. چەند جۆر ڕاستی هەیە، سەرچاوەی زانین کامەیە؟

لە بارەی یەکەمیانەوە دوو جۆرە ڕاستی هەیە، ئەو ڕاستییەی بە ڕێگای سرووشی ئایینەوە پێی لەسەر دادەگیرێ و ئەوەی زانایانی ئایین و هزرمەند و فەیلەسووف پێی دەگەن، کەواتە کامەیان بنەمایە و کامەیان لقە؟ کامەیان بە پلەی یەکەم و کامەیان بە پلەی دووەم دێت؟ ئایا سەرچاوەی زانین سرووش (وەحیە)، یان ژیری مرۆڤ؟!

جگە لەو لایەنە، زانینی ڕەب لە خۆیدا کێشەیەکی دیکە بووە کە دواتر غەزالی تۆمەتباری کردوون، ئایا ڕەب هەموو شتێک بە گشتی بە وردەکارییەکانەوە دەزانێ، یان زانینی ڕەب تەنیا زانینە هەمەکییەکان (کوللیات) دەگرێتەوە؟

- پرۆسەی زانین، دەربارەی گەیشتنە ڕاستی لە فەلسەفەی ئیسلامدا بە کێشەی (ژیر و نەقڵ)، (سرووش و ژیر) ناسراوە.

بەلای (فارابی)یەوە زانین پرۆسەی هەمەڕەهەندە، ئەگەر فەیلەسووفەکان پابەندی ژیر بن، ئەوە پێغەمبەر و پیاوچاکان بەهۆی هێزی لە ڕادەبەدەری ئەندێشە، یان (مخیلە) بەو پایە گەیشتوون و لە تێکرای خەڵکی دیکە جیادەبنەوە. ڕاستە زانین بەهرە و خەڵاتێکە ڕەب بە مرۆڤی دەبەخشێ، بەڵام خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی سووک و ئاسان نییە و پێویستی بە کۆششێکی تایبەتی هەیە کە ئەوپەڕی لە ڕادەبەدەر و لە توانایی هەموو کەسێکدا نییە.

- مەبەست لە زانین - لە چوارچێوەی فەلسەفە و ئاییندا پێوەندی کردنە بە ژیری کارا- کاریگەر (فعال). ئەو پێوەندی کردنە پێویستی بە کۆشش و ڕاهێنانی دەروونە بۆ گەیشتن بەو قۆناغە، ئیتر ئەو هەوڵە دەکرێت هزری و لەشی بێت، بەو پێیە مرۆڤ لە ڕەوشی مرۆڤییەوە دەگات بە دۆخێکی باڵاتر و پێوەندی بە لەشی ماددییەوە نامێنێ و لە فریشتە و پەری دەچێ، بەمەش قۆناغێکی باڵای زانین دەستەبەر دەبێ.

بە چاوی ناخ نهێنی و (غەیبییەکان) پەی پێ دەبات و پێشبینی کاروبارە ڕەبانییەکان دەکات کە پیاوچاکان بەهێزی ئەندێشە پێی دەگەن، ئەو جۆرە کەشف و کەرامەتەی ئەو جۆرە کەسانە ڕەوشی پەیامبەران دەهێنێتەوە یاد. واپێدەچێ فارابی بنەمای زانینی پەیامبەران و فەیلەسووفانی کردبێ بە یەک. ئەگەر زانین، بەو پێیە پەیوەستی هەردوو هێزی ژیر و ئەندێشە بێ، دەبێ ڕۆڵی هەست و هەستەکان لەو کایەیەدا چی بێ و چۆن لێک بدرێتەوە؟ ئەگەرچی ئەو هێزی ئەندێشەیەی فارابی قسەی لێ کردووە لە بۆ هاتن (حدس)ی تیۆری زانین دەچێ، بەڵام ناکرێ لە پرۆسەی زانیندا هێزی هەستەکی بە هەند دانەنرێت! تا چەند ئەو پرۆسەیە دەخرێتە خانەی بڕیاری گوێزانەوە لە ڕەوشی هێزەکییەوە بۆ کردەکی؟ بە پێی ئەو بۆچوونە، ژیری مرۆڤ لە ڕەوشی هێزەکییەوە بەهۆی پەی بردن و زانینەوە دەچێتە قۆناغی کردەکییەوە (١٢)، لێرەدا هەستەکان ڕۆڵی

بەرچاو دەگێڕن، بەڵام وەک فارابی بۆی چووە، زانین بریتییە لە کەرەستە و فۆرم (وێنە) ژێری کارا (کاریگەر) ئەو هێزەیە کە وێنە بە گشت بوونەوەرەکان دەبەخشێ، بۆیە زانینی گومان لێنەکراوی و مرۆڤ پەیوەستە بەوەی تا چەند ئەو ژێرە دەرفەتی زانینی ئەو وێنەیەی لەلایەن مرۆڤەوە دەستەبەر دەبێ، ئەگەر ئامانجی ژێری مرۆڤ لە زانین بەختەوەری بێ و ئەو بەختەوەرییە لە پەیوەست بوون بە ژێری کاریگەر بەولاوە نەبێ، ئەمە مرۆڤ لە ڕەب نزیک دەکاتەوە.

لاری لەوە نییە کە فارابی فەیلەسووفێکی بەهرەمەند بووە، بەوپەڕی تواناییەوە کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە ناکۆکی لەنێوان فەلسەفە و ئایینیدا نییە. بەهێز و توانایی ژێر ویستوویەتی داکۆکی لە بنەما بنەڕەتییەکانی سرووش (وەحی) بکات.

هەروەها ڕوون و ئاشکرایە کە بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبووە دەربارەی کۆن و نوێی جیهان و لێپرسینەوە لە دوای مردن، ئایا پاداشت و سزا لەسەر لەشە، یان لەسەر گیان؟ ئەو بابەتانە ڕەهەندێکی مێژووییان هەیە، تیشکدانەوەی سەردەمی خۆیانن و ناکرێ لە ڕوانگەی ئەم سەردەمەوە هەڵبسەنگێنرێن، ڕاستە ئەو فەیلەسووفە بەهرەمەند بووە، شارەزایی باشی لە فەلسەفەی یۆنان هەبووە، کەچی هەستی بە هەڵە کوشندەکەی کتێبی ناسراو بە (ئەنتۆلۆجیای ئەرستوتالیس) نەکردووە!!

ئەوەی مایەی ڕامانە ئەوەیە، ئەو فەیلەسووفە تۆمەتی گومڕایی (زەندەقە)ی خراوەتە پارسەنگەوە!

## سەرچاوە و پەراوێز:


(١) حسين مروة: النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية، ج٢، بيروت ٢٠٠٨م، ص٤٥١، وفي أماكن أخرى.

(٢) د. ابراهيم عاتي: الانسان في الفلسفة الاسلامية القاهرة، ٢٠٠٥، ص٢٤، فيما بعد.

(٣) ت. ج.دى بور: تأريخ الفلسفة في الاسلام، ت: د. أبوريده. بيروت، ط٣ (بدون تأريخ، ص١٦٥، وفي أماكن مختلفة.

(٤) ئەو بابەتەی (ئەفلۆتین)مان کردووە بە کوردی، لە ئەڵمانییەوە، لە دەرفەتی گونجاودا هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەدەین.

(٥) د. محەمەد علي أبوريان: تأريخ الفكر الفلسفي في الاسلام، بيروت ١٩٧٣، ط٢، ص٢٤١.

(٦) د. ابراهيم عاتي: هەر سەرچاوەی پێشوو بە عەرەبی، ل١٠٨.

(٧) د. ماجد فخري: تأريخ الفلسفة الاسلامية، بيروت، ٢٠٠٤، ص١٦٩ و ص١٧٣.

(٨) د. ابراهيم عاتي: هەر سەرچاوەی پێشوو بە عەرەبی، ل٦٦ و دواتریش.

(٩) د. محمد علي أبوريان: سەرچاوەی پێشوو بە عەرەبی، ل٢٤٤.

(١٠) د. محمد علي أبوريان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥.

(١١) ئیمانۆئیل کانت، فەیلەسووفی ترانسندێنتالی ئەڵمان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەو بارەیەوە قسەی کردووە، بەڵام مەبەستی فەیلەسووفە مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بووە: کانت گوتوویەتی: ئەو نەزم و ڕێکوپێکییە ژێر خۆی خستوویەتییە ناو سروشتەوە، چونکە خۆی سروشت ئاسا وەک بیرکار و ئەندازیارێک چالاکە و (بیر دەکاتەوە - ئەگەر بشێ ئەم وشەی بیرکردنەوەیە بدرێتە پاڵ ژێر)!

(١٢) ت. ج. دي بور: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.